# حكومەتە سەربەخۆكەی بنكە تەندروستیەكان

سەروین عەلی

ئاشكرایە كە ماوەیەكە سەركردەكانمان سەرقاڵی وەرگرتنی حكومەتێكی هەرێمین بۆ كوردستان لەبری ئەو حكومەتە سەربەخۆیەی كە لەم بارودۆخەدا نەیانتوانی بەدەستی بێنن, بەڵام وا پێدەچێ بۆ ئەوان چاكتر بوو پزیشكو كاربەدەستانی هەردوو بنكەی تەندروستی (شەهید نافع ئاكرەیی)و (شەهید لیلی قاسم) لەگەڵ خۆیاندا ببەن. چونكە ئەوان زۆر بەسانایی توانیویانە حكومەتێكی سەربەخۆ بۆ خۆیان لە بنكەكانیان دابمەزرێنن پێش ئەوەی فیدرالی بۆ هەرێمی كوردستان زامن بكرێت. ئەمەش پسپۆریو شارەزایی كاربەدەستانی ئەم دوو بنكە (بەناو) تەندروستیە بەدیار دەخات.

ئەم دوو بنكەیە كە هەر بەناو تەندروستین ناوی دوو كەلە قارەمانی وایان لێنراوە خەڵك هەركە رووبان تێدەكات تا دێتە دەرەوە هەر دەبێت داوای لێبوردنیان لێبكات, چونكە ناوەكانیان بە با دراوە.

من كە ئافرەتێكی دوو گیانمو لە یەكێك لە وەزارەتەكانی (ئیدارەی هەولێر) فەرمانبەرم بۆ ماوەی مانگێك واتە دوو یەكشەممەو دوو چوارشەممە سەردانی ئەم بنكانەم كرد تاوەكو لە (هۆبەی دووگیانەكان) فایلێك بكەمەوە و بخرێمە ژێر چاودێری تەندروستی. جێگای باسە كە بەشی چاودێری تەندروستی لە بنكەكەدا تەنها رۆژانی یەكشەممەو چوارشەممە هەیە. هەر بۆ ئەوەی بە حزوری جەنابیان رابگەم چوار جار لە مانگێكدا مۆڵەتم لە بەرێوەبەرەكەم وەرگرتو هەر بە هەناسە بركێ خۆم گەیاندە ئەم بنكانە. یەكشەممەی یەكەمیان خانمی پزیشك كاتژمێر (11)ی سەرلە بەیانی قاوڵی بۆ ماڵ لێدابوو. چوارشەممەكەش كەمێك كاری هەبوو نەیتوانیبوو دابنیشێت. یەكشەممەكەی تر خولی راهێنانی هەبوو, چوارشەمەكەی تریشیان داخوا بۆ خۆی لە كوێ داوەت بوو. منیش بەم هەموو بێ هێزیو بارگرانیو زەحمەتیەوە كە بۆ ماوەی مانگێك سەردانم كردن هیچیان بۆم نەكردم. بۆیە هیچی تر دانم بەخۆمدا نەگرتو چوومە لای بەرێوەبەری بنكەكە تاوەكو سكاڵای خۆمی پێرابگەیەنم و لە بەرێوەچوونی بنكەكەو شێوازی پێشوازی پزیشكەكانی بۆ نەخۆشەكان بەئاگای بێنمەوە, بەڵام لێتان ناشارمەوە دڵم بۆ بەرێوەبەرەكە سوتاو هەر خەریك بوو بۆی بگرییەمو داوای لێبوردنی لێبكەم, چونكە وا پێدەچوو هیچی بەدەست نەبێتو لەبەردەم بەرپرسە حزبیەكەی بنكەكە ئەژنۆ لەرزەی گرتبێت. خۆشی نەیدەزانی چیم بۆ بلێتو چ پاساوێك بێنێتەوە. هەر ئەوەندەی پێگوترا كە پزیشكەكان خولی راهێنانیان هەیەو بە فەرمانی وەزارەت دەبێ بەشداری بكەن. هەركە دەربارەی رۆژەكانی تر لێم پرسی یەكسەر منی رەوانەی لای (جلیل) ناوێك كرد. وا دیاربوو ئەم (كاك جلیل)ە بەرێوەبەری كارگێری هەردوو بنكەكە بێت. هەركە چوومە ژوورەكەی سڵم لە خۆم كردو خەریك بوو بگەرێمەوە, چونكە یەكێك لە خانمە پزیشكەكان لەلای كاكی بەرێوەبەری كارگێری بەدەم گریانەوە قسەی دەكرد. بۆیە بەخۆم گوت (بەخوا لە كێشەو گرفت بەولاوە هیچی تر نادۆزیەوە). دوای مامەڵەو قسەكانی بەرێوەبەری كارگێری تا رادەیەك گومانم كرد كە هیچ دوورنیە ئەم خانمەش دووچاری هەرەشەو گورەشەی حزبی

بووبێتەوە. یاخود ئەو تاکە پزیشکەی کە لە بەشی چاودێری تەندروستی دانراوە کێ دەڵێ ئەندامێکی کارای ژێر دەستی جەنابی کارگێڕی نیە تا بە هەوەسی خۆی کەی بخوازێت بچێتەوەو نەیەتو یا بەرپرسەکەی بە کاری حزبی بۆ جێگای تر بینێرێت.

بەهەر حاڵ.. بۆم باس کرد کە منیش بەرپرسیاریەتیەکم لە ئەستۆدایەو ناتوانم لەماوەی مانگێکدا چوار جار کارم بەجێبێڵم تاوەکو ئێوە بەخێری خۆتان فایلێکی تەندروستیم بۆ بکەنەوە. زۆر بەئاسانی پێمی گوت: (ئەمە گرفتی خۆتەو ئەو هەرایەت لە چیە؟) پاشان گوتی (ئێمە یەك پزیشکمان لەم بەشە هەیەو زۆر ئاساییە سەعات (11) بڕواتەوە). ئەی یەکێکی وەك من کە فەرمانبەر بێ‌و تا کاتژمێر (3)ی دوای نیوەڕۆ لە دەوام بێت فوڕی کوێ بەسەری خۆیدا بکات تا بە حزوری جەنابیان رابگات. باشە ئەی ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوارن‌و هیچ شتێ دەربارەی چاودێری تەندروستی نازانن, بەستەزمانانە کێ رێنماییان بکاتو ئاگاداری کۆرپەکانیان بێت؟! بێگومان جەنابی بەڕێوەبەری کارگێڕی هەمدیسان پێمان دەڵێت کە ئەمە گرفتی خۆمانە.

لەهەمووی سەرنج راکێشتر, لەماوەی دەمەتەقێم لەگەڵ کاکی بەڕێوەبەری کارگێڕی پێم راگەیاند کە ئەگەر کار وابڕوات خەڵکیان لێ ئاگادار دەکەینەوەو لە رۆژنامەکاندا شتیان لەسەر دەنوسین, بۆیە جەنابی بێ یەك‌و دوو هەڕەشەی بە پایە حزبیەکەی کردو زۆر بەتوندی بەسەرما نەڕاندی کە ئەگەر هەر شتێکم بڵاوکردەوە ناوی خۆم بنووسم, جا کە خۆی بەرپرسی ناوچەیە دەزانێت چ ئیجرائاتێکم بەرامبەر دەکات. هەر بەمەش نەوەستا, کە رۆیشتم بە دوامدا هاتو هاواریکرد کە گوایا ئەو خۆی لێم بێدەنگ کردوەو وەڵامی نەداومەتەوە بۆیە من بوێریم کردو ئەم هەموو زمان درێژیەم کرد.

باشە جەنابی بەڕێوەبەر... ئەگەر تۆ بە پایە حزبیەکەتەوە لەم شوێنە دانراویت, هەر وەکو چۆن خۆت ئاماژەت پێکرد, بۆ ئەوە دانراویت خۆت بکەیتە کەلە گورگو هەڕەشە بەناوی حزبێکەوە بکەیت یا دانراویت تا رێنمایی تەندروستی‌و خزمەت بە نەخۆش بگەیەنیت؟ ئاگاداربە.. جەنابت لەسەر کورسی ناوچەو مەڵبەند دانەنیشتووی تا بتوانیت بەناوی حزبێکەوە, کە هیچ ئاگاداری رەفتارە بەدەکانی تۆ نیە, دڵی ئافرەتێکی دووگیان برەنجێنی‌و بە پایە حزبیەکەتەوە بیترسێنیت. بۆیە من بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لێرەوە ئەم حزبە ئاگادار بکەمەوە کە سەرانی وەك ئەم بەڕێوەبەرە بەرێزە رۆژانە لە فەرمانگەو بنکەو بەڕێوەبەرایەتیەکاندا بەناوی حزبەوە خەڵك چاوترسێن دەکەن‌و وایان لێدەکەن خۆزگە بە نەبوونیان بخوازن.

تۆش جەنابی وەزیری تەندروستی, کەمێك هۆشیاربەو چاوێك بە بنکەو نەخۆشخانەکاندا بخشێنەوە. وا دیارە حکومەتە سەربەخۆکەی بنکەکان هیچ کوردێك بەخۆیەوە ناگرێتو چارەسەریان ناکات بەڵکو بکرێت کەمێکیان بە نەخۆشی بمرن‌و رێژەیان کەمبێتەوە. دوو گیانەکانیش چاودێری ناکرێن نەوەکا کوردێك زیاد بێت. لەهەفتەیەکیشدا تەنها دوو رۆژ دانراوە بۆ دووگیانەکان تا سەردانی ئەم بنکە بەناو تەندروستیانە بکەن, بەشی چاودێری تەندروستی وەزارەتیش هەموو خول‌و کۆبوونەکان

**دەخاتە ئەم دوو رۆژە بەبێ ئەوەی قەرەبوو بکاتەوە. پزیشکە ئازیزەکانیشمان هەر بە هەوەسی خۆیان دەوام دەکەنو کەس بۆی نیە (زمان درێژیان) بکاتە سەر. ئەی ئێمەی فەرمانبەر کە تا کاتژمێر (3)ی دوای نیوەڕۆ لە دەوامین چ بکەین؟!**

**دەترسم جەنابی وەزیریش وەکو ئەو بەڕێوەبەری کارگێڕیەی کە لە دوو بنکە تەندروستیەکەی (شەهید نافع ئاکرەیی)و (شەهید لیلی قاسم) دانراوە پێمان بڵێ (ئەمە گرفتی خۆتانە).**